ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-12-2007 20:34

# ڕاگەیاندن و نەبوونی پەیامی کۆمەڵایەتی ... ئاسۆ عەلی فەرەج

aso_ali2003@yahoo. com

گواستنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ نێو ڕاگەیاندن ڕێك هاوتەریبی پێشکەوتنی ڕاگەیاندنە لە کوردستان بۆیە لەژێر دەیان پرسیاردا ماونەتەوە، کارەسات لەوێیەوە دەست پێدەکات کاتێك ڕاگەیاند، پەیامێکی کۆمەڵایەتی بەئاڕاستە چاکساز نەبێت، لاریمان لەوەدا نیە هەواڵی تاك و تەرا دراوە، بەڵام هەموو ئەو هەواڵانە شێوازێکی وای نەبووە بتوانێت ببێتە بەشێك لە چارەسەری ئەوەندەی بەشێك بووە لە هێنانەوە و دروستکردنی کێشەکان، من لایەنی بیستراو بینراو (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) دەخەمە دەرەوە ئەم بابەتە، بەڵام بە شێوەیەکی چڕتر دێمە سەر ڕۆڵی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە بوونیادنانی بنەما و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان کە ئەمڕۆ لە ژیانی ڕۆژانەماندا جێگای زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، کاتێك وروژاندنی بابەتێکی کۆمەڵایەتی دەخرێتە چوارچێوەی کاری ڕاگەیاندنەوە، لەگەڵ ڕێزمدا بەشێوازێکی هێند نادروست بڵاودەکرێتەوە کە هیچ پەیامێکی لەگەڵدا نابێت جگە لە نیشاندانی وێنەیەکی ناتەواوی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پرانسیپەکانی مافی مرۆڤ، نموونە هێنانەوەش تەنیا ئەو هەواڵ و بەدواداچوون و دیمانانەیە کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دێنە بڵاوکردنەوە، هەواڵی سووتانی ئافرەتێك تەنیا بووەتە هۆی پڕکردنەوە و سرنج ڕاکێشان، نەك دەرخستنی دەرئەنجام و ڕاستیەکانی، سەیری بچووکترین نموونە بکە: بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە ئافرەتێك خۆی سووتاند، ئەی هۆکارەکە لە کوێدایە؟ هاندەرەکە کێیە؟.



ئەمەی سەرەوە تەنیا بچووکترین نموونەیە کە لە ڕاگەیاندندا هەستی پێدەکرێت، دەکرێت شێوازێکی دروستتر هەڵبژێردرێت و خەڵکانی پسپۆڕ لەو مەجالەدا کاری لەسەر بکات نەك تەنیا مەبەستمان دابەزینی بێت، بەڵکو ئاڕاستەیەك یان پەیامێکی ڕوونی کۆمەڵایەتی لەپشتەوەی دابەزینەکەی بێت کە ئەویش هەوڵدان بۆ ناشیرین کردنی ئەو جۆرە دیاریدانە لە پێی ڕێسا کۆمەڵایەتی و یاساییەکان، ئەم بێ پەیامیە لە ڕۆژگارێك دەرئەنجامەکەی دەردەکەوێت و باجەکەشی وەك هەموو جارێك کۆمەڵگا دەدیدات بۆیە بابەتی کۆمەڵایەتی بە قەدەر بابەتێکی سیاسی دەبێت حساباتی بۆ بکرێت و وردەکاری زیاتری لەسەر بکرێت، ئەمەش ئەرکی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەیە کە چۆن بتوانن ڕێگە لە تەشەنەکردنی ئەو دیاریدەی نا پەیامی کۆمەڵایەتی بگرن.

تێبینی: لە کواری گەشبین بڵاوکراوەتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.